The International Journal of

# Kurdish Studies

## History & Poetry




**The Kurdish Library**

Volume 18, Nos. 1 & 2

2004

# The international journal of Kurdish Studies
## History and Poetry

Kurdistan net كوردستان نێت

## گۆڤاری نێودەوڵەتیی لێکۆڵینەوەی کوردی

ڕانانی:پشکۆنەجمەدین

گۆڤارێکی ئاکادیمیی ئاستبەرز، بۆ لێکۆڵینەوەی کوردیی بە زمانی ئینگلیزی، لە نیۆیۆڕک، لە لایەن کتێبخانەی کوردییەوە، ساڵانە، دوو ژمارەی لێ چاپ و بڵاو دەکرێتەوە.

ژمارە 1 و 2 ی ساڵی هەژدەهەمی گۆڤارەکە، تایبەتە بە شیعری کوردی و لێکۆڵینەوەی مێژووی کورد.

84 رووپەڕی ئەم دوو ژمارەیە لەیەک بەرگدا، تایبەتە بە شیعر و بەرهەمی 19 شاعیری کلاسیک و هاوچەرخی کوردی لە خۆ گرتووە.

فەرهادشاکەلیی رۆشنبیر و شاعیر، بەرهەمی ئەم شاعیرانەی بۆ ئینگلیزی وەرگێڕاون:

ـ شیعرێکی میسباح ئەلدیوان

ـ شیعرێکی نەجیبە ئەحمەد

ـ 3 کورتەشیعری بەڕۆژئاکرەیی

ـ 5 شیعری ئەحمەدعارف

ـ 3 شیعری خەبات عارف

ـ شیعرێکی رۆژین بارناس

ـ 3 شیعری گۆران*

ـ 4 شیعری لەتیف هەڵمەت

ـ شیعری "رازی تەنیایی"ی ئەحمەد هەردی

ـ2 شیعری ژیلا حوسێنی

ـ شیعرێکی تایەربەگی جاف

ـ دوو قەسیدەی مەلای جزیری

ـ 3 شیعری پشکۆنەجمەدین

ـ 3 شیعری ئەنوەرقادرجاف

ـ 30 پارچەشیعری فەرهادشاکەلی.

هەر لەم بەشەی شیعردا، چاومان بە 19 شیعری عەبدوڵاپەشێو دەکەوێت کە ((ریکی دوکۆرێت و عەبدوڵاپەشێو)) پێکەوە وەریان گێڕاون

ـ دکتۆر کەمال میراودەلی، چوار شیعری درێژی خۆی وەرگێڕاون و لە گۆڤارەکەدا، بڵاوکراوەنەتەوە.

ـ لەیلا تەیفون، شیعرێکی (مالمیسانج)ی وەرگێڕاوە.

دەشێ بگوترێت: ئەم هەوڵی وەرگێڕانە، پردێکی باریکە بۆ پەڕینەوەی شیعری کوردی، بۆ زەینی خوێنەری ئینگلیززمان یاخود ئینگلیزیزان.

بەشی تەرخانکراو بۆ لێکۆڵینەوەی مێژوویی مێژووی کورد، 162 لاپەڕەیە و 11 لێکۆڵینەوەی درێژی لەخۆ گرتووە کە مێژووی نووسینی هەندێکیان دەگێڕێتەوە بۆ ساڵانی بیستەکانی سەدەی رابوردوو. لێرەدا، نووسین و لێکۆڵینەوەی کوردناسان و نووسەرانێکی بەسەنگ و شارەزای ئەورووپایی بڵاوکراونەتەوە، وەکو:

Paul A Blaum, Edwin Munsell Bliss, Isaac Don Levin, W.L. Westermann ونووسەرانی دیکەش.

ئەم گۆڤارە بە سەرپەرشتیی خاتوو ڤێرا باودین سەعید پور، ئامادە دەکرێت و ئەمەش ناونیشانەکەیەتی:


EDITORIAL OFFICE
Center for Research
The Kurdish library
345 Park Place
Brooklyn, New York 11238
Tel 718 783 7930

Kurdishlib@aol.com

Web site: www.theKurdishLibrary.com


* ژمارەی شیعرە وەرگێڕدراوەکانی گۆران حەوتن، سێ شیعرەکەی دیکەیان، هانێ برامنێس وەری گێڕاون.